# شار

گوڵم !
دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
ئەڵێم بە جامێ ئاوی کانیاوی دێ یەکەم
عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم، لە دەردی ئینتیزارەکەت
وەڕەز بوو گیانی من لە شار و هارە هاڕی ئەو
لە ڕۆژی چڵکن و نەخۆش و تاو ویاوی شەو
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
لە شاری چاو لەبەر چرای نیئۆن شەوارەکەت
بڕۆمە دێ کە مانگە شەو بزێتە ناو بزمم
چلۆن بژیم لە شارەکەت
کە پڕ بە دڵ دژی گزمم؟!
لە شارەکەت، کە ڕەمزی ئاسن و منارەیە
مەلی ئەوین غەوارەیە
ئەڵێی لە دەوری دەست و پێم
ئەوەی کە تێل و تان و ڕایەڵە، کەلەپچەیە
ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە
ئەوەی کە دارە تێلە، مەزهەری قەنارەیە
لە شارەکەت کە مەندی دووکەڵە
کە دێتە دەر لە ماڵی دەوڵەمەند
وە تیشکی بێ گوناهی خۆرەتاو ئەخاتە بەند
لە هەر شەقام و کووچەیەک شەپۆڕی شینە
دێ بەرەو دڵم
دەستی گەرمی ئاشنا نییە کە ئەیگوشم
دەستی چێوی یە
لە شارەکەت زەلیلە شێر،
باوی ڕێوی یە
بە هەر نیگایەک و پەتایەکە
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت

گوڵم، هەرێمی زۆنگ و زەل
چلۆن ئەبێتە جاڕەگوڵ
لە شاری تۆ ، لە بانی عەرەشە قۆنەرەی دراو
شارەکەت
ئاسکە جوانەکەم !
تەسکە بۆ ئەوین و بۆ خەفەت هەراو
کێ لە شاری تۆ ، لە شاری قاتڵی هەژار
گوێ ئەداتە ئایەتی پەڕاوی دڵ؟
منێ کە گۆچی تاوی گەرمی بەردەوارەکەی عەشیرەتم
بە دارە تەرمی کووچەکانی شارەکەت
ڕانەهاتووە لەشم
بناری پڕ بەهاری دێ
ڕەنگی سوور و شین ئەدا
لە شیعر و عاتیفەی گەشم
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت گوڵم

IIIIIIIIII